# دیوارەکانی بەغدا و بڕیارەکەی کۆنگریس ڕەنگدانەوەی

# حاڵی ئەمڕۆی عێراقە و بە ڤیتۆ چارەسەر ناکرێت

تەوەری گوڵان

بۆ هەڵسەنگاندنی واقیعی ئێستای عێراق و کاریگەرە ئەقلیمییەکان لەسەر ڕەوشی عێراق گوڵان تەوەری ئەمجارەی بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتۆکردنی ئەم واقیعە تەرخانکردووە و ئەم بەڕێزانە بەشداری تەوەری گوڵانیان کردووە:-

١- باڵیۆز پیر ریچارد پراسپێر، نوێنەری تایبەتی سەرۆک بوش و بەڕێوەبەری ئۆفیسی تاوانەکانی جەنگ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا

٢- پرۆفیسۆر کەمال کرزچی، ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی ئەستەنبۆڵ و پسپۆر لە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا.

٣- پرۆفیسۆر فاگۆن شانۆن، ئوستادی زانستی سیاسەت و بەڕێوەبەری سەنتەری ئاشتی و ئاسایشی جیهان لە ئەمەریکا و پسپۆر لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٤- پرۆفیسۆر بۆب بۆ زانکۆ، ئوستادی سیاسەت لە زانکۆی هۆستۆن و شارەزا و توێژەر لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٥- پرۆفیسۆر کارینا داویشا، ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی میامی و پسپۆر لەسەر کێشەی عێراق و دەوڵەتانی دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤییەت.

٦- پرۆفیسۆر مارک براولی، ئوستادی سیاسەت لە زانکۆی ماکگیل پسپۆرە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کێشە ناوخۆییەکان.

٧- پرۆفیسۆر حەیات ئەلیف عەزیز، زانکۆی واشنتۆن

گوڵان وێڕای ئەوەی سوپاسی ئەم بەڕێزانە دەکات کە بەشدارییان لەم تەوەرەدا کردووە دەقی بۆچوونەکانیان وەک خۆی بڵاودەکاتەوە و ئەگەر لە هەندێ لایەنیشدا لەگەڵ گوڵان یەک نەگرنەوە بۆچوونەکان دەربڕی خۆیانە ولە ڕوانگەی پەرەپێدان بە بیروای ئازاد وەکو خۆیان بڵاویان دەکەینەوە، باهەموو قسەکان لەگەڵ سیاسەتی گوڵانیش نە گونجێ، تەنیا ئەوەندەیە گوڵان لێی بەرپرسیار نییە.



باڵیۆز پیر ریچارد پراسپێر



رۆفیسۆر کەمال کرزچی



پرۆفیسۆر فاگۆن شانۆن



پرۆفیسۆر بۆب بۆ زانکۆ









پرۆفیسۆر حەیات عەزیز ئەلیف



پرۆفیسۆر مارک براولی



پرۆفیسۆر کارینا داویش

لە سەروبەندی دامەزراندنی ژەنراڵ پتریوس وەک فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، پرۆفیسۆر براندن ئولێری لە دیمانەیەکی تایبەت بە گۆڤاری گوڵان ئاماژەی بەوەکرد، لەگەڵ ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکی هەموو هیوایەکی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی بەغدا لەسەر ژەنراڵ پتریوس داناوە و بەو ئومێدەن ئەو سەرکەوتنەی لە ساڵی ٢٠٠٣و٢٠٠٤لە پارێزگای موسڵ بە دەستی هێناوە لە بەغداش بەدەستی بێنێت، بەڵام ئەمجارەیان سەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنەکانی پتریوس لە موسڵ، پشتگیری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لەگەڵدا بوو، لەبەغدا ئەو پشگیرییەی نییە، هەر بۆیە سەرکەوتوو نابێت.
ئەو پێشبینییەی براندن ئۆلیری بەداخەوە راست دەرچوو، پتریوس لە هەفتەی رابردوو دانی بەو راستییەدانا، کە توندوتیژی وکاری تێکدەرانە لە بەغدا کەم نابێتەوە، ئەم دانپێدانانەی پتریوس مانای ئەوەیە کە دەبێ ئیدارەی بوش واقیعی عێراق وەک خۆی بخوێنێتەوە و لەبەر رۆشنایی ئەو واقیعەش دەبێ هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت.

## دروستکردنی دیوار بە دەورەی گەڕەکەکانی ناو بەغدا هەنگاوێکی ناچارییە

جیاکردنەوەی گەڕەکەکانی بەغدا بە دروستکردنی دیوار بە دەوریدا، ئەو ئەمری واقیعەیە کەچیدیکە ئیدارەی بوش و حکومەتی مالکی ئەو راستیەیان بۆ ناشاردرێتەوە کە پێکەوە ژیانی نێوان عەرەبی سونە و عەرەبی شیعە بۆتە کارێکی مەحاڵ، بەڵام ئەم هەنگاوە ناچارییە بە مانای هەنگاوێک بۆ چارەسەرکردنی کێشە و توندوتیژیەکانی بەغدا نایەت، لەبەرئەوەی پێشتر نموونەی ئەو دیوارەمان لەگەڵ ناوچەی سەوز(Green zone)هەیە، جیاوازی نێوان دیوارەکەی ئەعزەمیە و گرین زۆن هەر ئەوەندەیە، دیواری گرین زۆن لە خۆڵ دروستکراوە و بەرزیەکەی ٦مەترە و پانییەکەشي دوومەترە، بەڵام دیواری دەوری ئەعزمییە، کوتلەی کونکرێتییە و لەگەڵ ئەوەی بەرزیەکەی هاوتای بەرزی دیوارەکەی گرین زۆنە، بەڵام ئەستوریەکەی لە ٥٠سم تێپەڕناکات.
لە هەموو حاڵەتێکدا ئەگەر دیواری گرین زۆن سەرکەوتنی بەدەست هێنا، رێگەی تێدەچوو ئومێدێکمان بە دیواری ئەعزەمیەش هەبێت، بەڵام هێندە بارودۆخەکە ناچارییە هەموو لایەک بە حکومەتی عێراقیشەوە، دروستکردنی لە دروست نەکردنی بە باشتر دەزانن.
تێکەڵاوی نێوان عەرەبی شیعە و سونە، دوژمنایەتی لە مێژینەی نێوان ئەم دوو مەزهەبە لەوە گەورەترە کە بە دیواری کۆنکرێتی سنوری بۆ دابنرێت، بەڵام چار چییە لە کاتێکدا هەردوو حکومەتی عێراق وحکومەتی ئەمەریکی خۆیان لە رێگەچارەی واقیعی بدزنەوە.

## ئیدارەی ئەمەریکی ئەمجارەش بە ڤیتۆ رووبەڕووی کونگریس دەبێتەوە

ئەوە بەڵگە نەویستە کە دەستەڵاتی سەرۆک بوش بەپێی دەستووری ئەمەریکا هەتا ئەو کاتەی لە کۆشکی سپییە، لە هەموو دەسەڵاتێکی دیکەی ناو ئەمەریکا باڵاترە، سەرۆک بوش ئەو مافەی هەیە کە بڕیارەکانی کۆنگریس بە مافی ڤیتۆ رەت بکاتەوە، بەڵام ئایا ئەم رەتکردنەوەی بوش بۆ هەموو بڕیارەکانی کۆنگریس، دەبێتە فاکتەرێک بۆ سەرکەوتنی لە شەڕی عێراقدا.
بوش کاتێک ستراتیژە تازەکەی بۆ عێراق راگەیاند و بڕیاریدا(٢٠)هەزار سەربازی دیکە بۆ عێراق بنێرێت، ئەم راستییانەی خستەڕوو.
١- دەبێ هەموو گەلی ئەمەریکا بزانێت کە شکست هێنان لە عێراقدا واتە شکست لە بەرامبەر شەڕی دژە تیرۆر.
٢- شکست هێنان لە عێراق واتە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا رووبەڕووی مەترسییەکی هێجگار گەورە دبنەوە.
٣- بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە روو نەدات و ئەمەریکا شەڕی عێراق بباتەوە، بوش پشتی بەم دوو فاکتەرە بەستووە:
١- هاریکاری حکومەتی مالکی
٢- دامەزراندنی ژەنراڵ پتریوس
٣- زیادکردنی هێزی سەربازی
ئەم سێ فاکتەرەی بوش لە ستراتیژە تازەکەیدا پشتی پێ بەستووە هیچ کامیان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا:
* حکومەتی مالکی نەک هەر نەیتوانی پشتگیری ستراتیژەکەی سەرۆک بوش بکات، بەڵکو حکومەتەکەی بە جیابوونەوەی باڵی سەدر و، هەروەها جیابوونەوەی حزبی فەزیلە لە لیستی ئیئتلاف زیاتر لاواز بوو.
* ئەو هێزە زیادەی ناردنی بۆ عێراق، نەک هەر نەیتوانی بارودۆخەکە هێور بکاتەوە بەڵکو ئاستی توندوتیژی هێندەی دیکە زیاتربوو، پێشان کە ناوچەی گرین زۆن دەستی کاری تیرۆریستی نەدەگەیشتێ، ئەمجارەیان دەستی تیرۆریستان گەیشتە پەرلەمانی عێراق و ناوچەی گرین زۆنیش.
* ژەنراڵ پتریوس نەیتوانی ئەو سەرکەوتنەی لە موسڵ بەدەستی هێنابوو لە بەغدا دووبارەی بکاتەوە.
شکست هێنانی ئەم فاکتەرانەی کە لەم ستراتیژە پشتی پێ بەسترابوو، مانای ئەوەیە کە سیاسەتی ئەمەریکا کەوتۆتە تەڵەزگەیەکەوە، ئەگەر بە دیدێکی واقعییانە چارەسەر نەکرێت ئەوا ڤێتنامێکی دیکە بەسەر ئەمەریکادا دووبارە دەبێتەوە.





## دەستێوەردانی ئیقلیمی و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا

بۆ ئەوەی سنورێک بۆ بارودۆخی شێواوی عێراق دابنرێت، ئیدارەی ئەمەریکی بە کۆبوونەوەی دەوڵەتانی ئیقلیمی و هاوسێیی عێراق رازی بوو، وا بڕیارە لە کونگرەی داهاتووش لە شەرم شێخ لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوەی ئیقلیمی، خاتوو کوندالیزا رایس وەزیری دەرەوی ئەمەریکاش ئامادەبێت.

پێدەچێت ئەم کۆنگرەیەش وەک کۆبوونەوەکەی بەغدا ئاکامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی ئیقلیمی و هاوسێیی عێراق لە زۆر مەسەلەدا لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا یەک ناگرنەوە هەر بۆ نموونە:

## تورکیا پشگیری سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا ناکات

دەوڵەتی تورکیا کە بە هاوپەیمانی سەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا ناسراوە، پێش دەسپێکی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، دژایەتی خۆی بۆ سیاسەتی ئەمەریکا ئاشکرا کرد و تورکیا رێگەی نەدا هێزەکانی ئەمەریکا لە تورکیاوە بەرەیەک لە باکورەوە بکەنەوە.

ئەم دژایەتیکردنەی تورکیا بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا لەبەر ئەم دوو هۆکارەیە:

١- هەردوولا سوپا و حکومەت قەناعەتیان وایە کە هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق دەبێتە ئەو بەنزینەی کە ئاگری کێشەی کورد لە تورکیا خۆش دەکات.

٢- هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق دەبێتە هۆکاری دابەشکردنی عێراق و دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

٣- ئەم دوو هۆکارەی سەرەوە رای گشتی تورکیای گەیاندۆتە ئەو قەناعەتەی کە بە رێژەی ٨٠٪ پێیان وابێت ئەمەریکا سەرچاوەی سەرەکییە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا، کەواتە تورکیا کە هاوپەیمانی سەرەکی ئەمەریکایە، گەورەترین رۆڵی سلبی بەرامبەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا دەگێڕێت.

## سعودییە مەترسی دروستبوونی هیلالی شیعی هەیە

شانشینی عەرەبستانی سعودییەش کە بە هاوپەیمانی سەرەکی ئەمەریکا لەکەندا وو جیهانی عەرەبی دادەنرێت، لە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا دەترسێت لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- ئەو حکومەتەی لە بەغدا حوکمڕانی عێراق دەکات، زۆرینەی شیعەیە.

٢- ئەو حکومەتە بەدیدی عەرەبستانی سعودییە سەر بە ئێرانە و ئێرانیش مەترسییە بۆ سەر عەرەبستانی سعودی.

عەرەبستانی سعودی حوکمی ئێستای عێراق بە حوکمێکی شیعە دەبینێت نەک حکومەتێکی پەرلەمانی و فرەیی، ئەم حکومەتەش لەگەڵ ئێران هیلالێکی شیعە بە دەوری سعودییەدا دروست دەکات و دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبستانی سعودییە.

## ئێران و سوریا دەترسن وەک عێراقییان بەسەر بێت

کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەر لە سەرەتای دامەزراندییەوە تا ئێستا پەیوەندی دبلۆماتی لەگەڵ ئەمەریکا پچڕاوە و ئێستا چەند مەسەلەیەکی دیکەشی هاتۆتە سەر، کە ئەمەریکا بە دەوڵەتی شەڕ و لە یاسا دەرچوونی ناوزەد دەکات، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لە هەنگاوەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بە بەرژەوەندیشی دەشکێتەوە، بەڵام ناخوازێت ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت و، ئەم سەرکەوتنە وا دەبینێت،ئەگەر ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتوو بێت ئەوا هیچ ئاستەنگێکی لە بەردەمدا نامینێ بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئێران، بۆیە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕ، بۆ ئەوەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا سەرکەوتوو نەبێت هەرچی سوریایە بارودۆخی لەگەڵ ئێران جیاوازە و دەیەوێت گوشار بخاتە سەر ئەمەریکا بۆ ئەوەی راستەوخۆ دانوستاندنی لەگەڵ بکات و مەسەلەی سەقامگیری عێراق وەک کارتێک لە بەرامبەر ئەمەریکا بەکاربهێنێت.

بەردەوام دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدەن.

## سەرکەوتن مەحاڵە، دەبێ ئەمەریکا بیر لەوە بکاتەوە نەدۆڕێت

لەم بارودۆخەدا کۆنگرێسی ئەمەریکا کە ئێستا دیموکراتەکان زۆرینەی پێکدەهێنن گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سەرکەوتن لە عێراقدا کارێکی مەحاڵە، بەڵام دەیانەوێت ئیدارەی ئەمەریکیش بگەنە قەناعەت لە بری ئەوەی بیر لە سەرکەوتن بکرێتەوە، بیر لەو ەبکرێتەوە کە ئەمەریکا شەڕی عێراق نەدۆڕێنێ.

سیناتۆر و کۆنگرێسمان وکەسە دیارەکانی ناو دیموکراتەکان وەک خاتوو هیلاری کلینتۆن و سیناتۆر جوزیف لیبرمان وهەروەها ئەو شاندانەی کە بۆ تێگەیشتن لە راستی بارودۆخەکە دێنە عێراق، بیر لەوە دەکەنەوە ئەگەر عێراق نەتوانرێت دابەشیش بکرێت بە فەرمی و ببێتە چەند دەوڵەتێک، ئەوا دەکرێت هەر لە ناو عێراقدا بە شێوەی سیستەمی فیدرالی، یان کۆنفیدرالی و لە ژێر چەتری یەکپارچەیی عێراقدا، پێکهاتە جیاوازەکان لێک جیابکرێتەوە، ئەو هاوپەیمانانەشی کە مەترسیان دەکەوێتە سەر وەک هەرێمی کوردستان، بنکەیەکی سەربازی ئەمەریکای لێدابمەزرێت بۆ ئەوەی ئەومەترسییەش بڕەوێتەوە، ئەم داوایەی دیموکراتەکان، کە تا رادەیەک لە تێڕوانینێکی واقیعانە دەچێت، تا ئێستا لە لایەن ئیدارەی ئەمەریکییەوە بە ڤیتۆ رەت دەکرێتەوە.

